# خۆشەویستیی نیشتمان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

ئاراس

زنجیرەی ڕۆشنبیری

×

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

×××

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# خۆشەویستی نیشتمان

نووسینی:

## مەغدید ڕەواندزی

وێنەکێش:

## شێروان موحسین

ناوی کتێب: خۆشەویستی نیشتمان
نووسینی: مەغدید ڕەواندزی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە ٥٣٦
وێنەکێش: شێروان موحسین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە ( ١١٦ )ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# خۆشەویستیی نیشتیمان

پیاوێك لە دارستانێك دەژیا، ئەو دارستانە گەورە و چڕوپڕ بوو، چوار دەورەی بە کانیاو دەورە درابوو، جۆرەها سەوزە گیا و گوڵ و گوڵزار و میوەجاتی تێدا بوو، دەتگوت بەهەشتێکە لەسەر زەوی.

ڕۆژێك کابرا هەستی بە بێزاری کرد و ئارەزووی گەڕانی کەوتە سەر، بڕیاری دا هەموو جیهان بگەڕێت، بەڵام ئەو گرفتەی لەپێشی بوو ئەوە بوو بە چ شتێك هەموو جیهان بگەڕێت بۆ ئەوەی خۆشترین شوێن بدۆزێتەوە تێیدا بژییێت.

بیری کەوتەوە، دەستی کردە نوێژ و خواپەرستی و پاڕانەوە، بۆ ئەوەی بەیانییەك لە خەو هەستێتەوە خوای گەورە دووباڵی پێ بەخشیبێت و ئاواتەکەی بێتە دی و دەست بەگەڕانی خۆی بکات. بەو جۆرە لەسەر پاڕانەوە لە خوا بەردەوام بوو، تا بەیانییەك لە خەو هەستا. زۆر سوپاسی خوای کرد بینی دووباڵی پێ بەخشیوە و پاڕانەوەکەی گیرا کردووە، ئەنجا بەدڵخۆشی لە شەققەی باڵی دا و ئەو هەوارە خۆشەی بەجێ هێشت.

گەڕا... گەڕا، ماوەیەکی زۆر سەرتاپای جیهان گەڕا، شوێن نەما نەیبینێ و پێیدا نەگەڕێ بەڵام سەیر لەوەدا بوو هەرگیز شوێنێکی نەکەوتە بەرچاو تا لێی بمێنێتەوە. پاش ماندووبوونی زۆر، شوێنێکی زۆر دڵڕفێن و خۆشی دۆزییەوە و لێی نیشتەوە، هەستی بە خۆشی و حەسانەوەیەکی زۆری کرد، بۆیە بەچاکی زانی گەڕانێك لەو شوێنە خۆشەدا ئەنجام بدات تا بیکاتە دوا مەنزڵی خۆی.

پاش ئەوەی بەتەواوی بەو شوێنە خۆشەدا گەڕا کە دڵی تێدا ئارامی گرتووە، سەیرێکی ئەم لا و ئەولای خۆی کرد و سەری سوڕما. خۆ ئەمە هەمان ئەو شوێنە خۆشەیە کە من تێیدا دەژیا. بە ڕاستی شوێنێکی زۆر خوش و دڵگرە. لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت نیشتیمانی خۆی لە هەموو شوێنێك دڵڕفێنتر و خۆشتر و پیرۆزترە، چونکە یەکەم ساتی ژیانی لەو جێیەدا دەست پێ کردووە، ئینجا بڕیاری دا تا مردن هەر لەوێ بمێنێتەوە.



# نان و هەلوا

ڕۆژێك هیوا لەگەڵ بـاوكی چـوو بـۆ كێڵگەكەیان بۆ ئەوەی زەویەكەیان بكێڵن. لـە ڕێگا هیوا بە باوكـی گـوت: بابە ئـەگـەر نـەمـانتوانـی بۆ نیوەڕۆ بگەڕێینەوە ماڵەوە چی بخۆین؟ چیمان هێناوە؟ باوكی وەڵامی دایەوە:

هیـوا ترسی ئەوەت نەبێ، ئێمە بۆ نیوەڕۆ نان و هەلوامان هێناوە.

هیـوا لای سەیر بوو گوێی لەو قسەیە بوو، چونكە لە ماڵەوە هیچ هەلوای نەبینیوە، بگرە هەر نیشیانە.


ویستـی شتێ لـە بـارەی حـەلواكـەوە بـزانێ، دەستی كرد بە پشكنینی تورەگەكەیان بەڵام هیچی بەدی نـەكرد جـگە لـە هەندێ نانی وشك نەبێ، دووبارە ڕووی كـردە بـاوكـی و پێی گـوت: كـوا بابە ئێمە لە ماڵەوە هیچ هەلوامان نییە، ئەی تۆ ئەمەی باسی دەكەی لە كوێ هێناوتە؟ كوا لە كوێ هەڵت گرتووە؟ ئـەوەی مـن دیبێتـم تـەنها چـەند نانێكەو بـەس ئەوتا لەنێو تووڕەگەكەدا هەڵگیراوە.باوكی هەم دیسان بە دڵـنیایی دووبـارەی كـردەوە: كـوڕەكـەم دوودڵ مـەبە ئێمە نیـوەڕۆ وەخـتی پشوودان لە سـەر كانیە ئاوەكە نان و حەلوا دەخۆین.هەر چـەند هیوا بـاوەڕی تەواوی بە باوكـی نەهێنـا بەڵام وای بە بـاش زانی كە تا ئەو كات چاوەڕوان بێت. باوكی هیوای لـە جووت كردە بەردەوام بوو تـا كـاتی نیوەڕۆ هـەر چەندە خۆشی هەستی بە برسیەتی دەكرد بەڵام لە كاركردن بەردەوام بوو. هیواش لای خۆی برسی ببوو، وردە وردە هـەستی بـەبێ هێزی دەكـرد، بیری كـەوتەوە بـاوكی باسی ئەوەی كردبوو گوایە نیوەڕۆ نان و حـلوا دەخـۆن بـۆیـە بـە تـامـەزرۆوە بـە بـاوكـی گـوت: بـابە بـرسیمە، تـۆ وتت نـان و حـلوامـان هـەیە، دەی بـا بـچینە سـەر كـانیەكـە و نـان بخۆین. باوكـی هیـوا گـوتی: باشە پاش كەمێكی تر دەچمە ئەو سەر و دەگەڕێمەوە ئینجا خۆمان ئامادە دەكەین، بەڵام ئەوە بوو خـۆی دواخست تا بەتەواوی هەستی بەوە كرد هیوا تەواو تەواو برسی بووە و خەریكە ڕەنگی زەرد دەبێ.

هیوا خەریك بوو بە تەواوی برسێتی لێ ببڕێ بـۆیە ڕووی كـردە باوكـی و داوای كـرد هەرچی زووە بچنە سەر كانییەكە و نانەكەیان بخۆن چـونكە وا كـات لە نیوەڕۆ لای داوە. باوكی لە دڵی خۆیدا گوتی: كاتی ئەوە هاتووە حەلوایەكە لە هیوای كوڕم ئاشكرا بكەم و نانەكەمان بخۆین. بەخۆشییەوە بانگی هیوای كرد و بەرەو كانییەكە چوون لەسەر كـانییەكە دانیشتن نانەكەیان لە تورەگە دەرهێنا و لە بەردەم خۆیان ڕایان خست، لەبەر ئەوەی هیوا زۆری برسی بوو هەر بەپەلە دەستی كـرد بە خـواردنی، كـە بەتەواوی نانەكەی تام كرد بە باوكی گوت: بابە ئـەوە چ نانێكە وا بەتـام و بەلەزەتە بـەڕاستی لـە ژیانمدا نـانی وا خۆش و بـەتـامم نـەخواردوە. بـاوكی گـوتی: ڕۆڵە هیوا مـن مـەبەستم ئەوە بـوو تۆ تەواو بـرسی ببی ئینجا نـان بخۆین بـۆ ئـەوەی تـامی ئـەو هەلـوایە بدات بـۆم بـاس كـردی، لـە ڕاستیدا ئـێمە هـەلوامـان نییە و پێمان نەبووە. هیوا بەڕووی گەشەوە ڕووی كردە باوكی: بابە هەر بە ڕاست ئـەو نـانە خـۆشە لە هـەلوا خۆشترە و تامی ئـەوی لێ دێ بەتـایبەت لـەگەڵ ئاوی كـانییە سـازگـار و شیرینەكە. هیوا لـە مەبەستی باوكـی تێ گـەیشت و پەندەكـەی لێ وەرگـرت، زۆر شـت لـەژیانی مـرۆڤ لـەكـاتی پێویست خۆی نەبێ نرخ و بەهای خۆی نادا بەدەستەوە.




# پشیلەکانی کوڕە پاشا

کوڕە پاشایەك ئارەزووی سەرەکیی بەخێوکردنی پشیلە بوو، هەموو کاتێکی لەگەڵ پشیلە بەسەر دەبرد و پشیلەکانی فێری هەندێ یاری و هەڵگرتن و دانانی بەرداغ و کەوچك و قاپ و شتی لەوجۆرە دەکرد. دۆستێکی نزیکی ئەو کوڕە پاشایە بەوە دەزانێت و سەردانی دەکات پێی دەڵێ: هەموو کاتێکت بەوە بەسەر دەبەیت و هیچ بەر هەمێکی لێ بەدی نایە، باشتر وایە ئەو هەموو پشیلەی لەو هۆڵە کۆت کردووتەوە بەرەڵلایان بکەیت و بۆخۆیان ئازاد بن. کوڕە پاشاش وەڵامی دەداتەوە و دەکەوێتە پێ هەڵدانی پشیلەکان و ستایشیان دەکات، باسی ئەوە دەکات هەموویان فێری شت بوون و بێ فەرمانی ئەو هیچ ناکەن. دۆستی کوڕە پاشا زۆر توڕە دەبێ لە دڵی خۆی بڕیار دەدا ئەو کارەی لێ تێك بدات بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێت کارەکەی بێ ئامانج و بەرهەمە، بۆیە پێی دەڵێ:
من دەتوانم بە ساتێك سەر لەبەری ئەوەی کردووتە تێکوپێکی بدەم:
باشە سەیری ناو هۆڵەکە و پشیلەکانت بکە، کوڕە ژیرەکە مشکێك بەرەڵای هۆڵەکە دەکات، لەو کاتەدا پشیلەکان برسییان دەبێ، هەریەکەو لای خۆی قاپ و کەوچك و شتی تر لادەدەن و هەر هەموومان هێرش دەبەنە سەر مشکەکە و دەبێتە شەڕیان و هیچیان ئاگای لەوەی تر نامێنێت هەروەها زۆر شت دەشکێنن.
لەو کاتەدا کوڕە پاشا سەری لێ تێك دەچێت و بێ ئومێد دەبێ لەو کارەی ماندوبوونی تێدا بە فیڕۆ چوو.


Sherwan.m

# سەگی چاوچنۆك

سەگێك پارچە گۆشتێکی گەورەی دۆزیەوە، هەڵی گرت و خستیە نێوان دانەکانی و دووری خستەوە بۆ ئەوەی کەس لێی نەستێنێت و لەگەڵیدا دابەشی نەکات. دەڕۆیشت و دڵی زۆر بە دەسکەوتەکەی خۆش بوو، تاگەیشتە سەر جۆگەیەك کە پردێکی بچووکیان بۆی دروست کردبوو بۆ پەڕینەوە. کە بەسەر پەردەکەدا چوو دیتی لە خوارەوە سەگێکی تر پارچە گۆشتێکی گەورەی لە ناو دەمە و وا دەپەڕێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا نەیزانی هەمان وێنەی خۆیەتی لەناو ئاوەکەدا دیارە، هەر کە چاوی پێ کەوت لە ناکاو خۆی بۆ فڕێ دا و ویستی پارچەگۆشتەکەی لێ بسەنێت، بەڵام کەوتە ناو ئاوەکە و شەپۆڵەکان بەرەو خوارەوەیان برد. لەو دەمەدا سەگەکە ئاگای لە خۆی نەما هەر ئەوەندەی بۆ کرا واز لەپارچە گۆشتەکەی ناو دەمی بێنێت و خۆی لە خنکان ڕزگار بکات، بەم جۆرە بەشی چاوچنۆکان ئەوە دەبێت کە داوای زۆرترین بەش دەکەن و لە ئەنجامدا ئەوەی هەشیانە لە دەستی دەدەن.



# باوەڕکردن بەدوژمن

گورگێگ نزیك مێگەڵە مەڕێك وەستابوو، وەك ئەوەی نیازی ئەوەی نەبێ پەلاماریان بدات و بیانخوات. لە سەرەتادا شوانەکە ترسا و هەستی بە گومان کرد، بەڵام پاش ماوەیەك شوانەکە هەستی کرد گومانی لەو نەماوە، بەڵکو ئەو گورگێکی پاسەوانی دۆزیەوەتەوە نەك دوژمنی مەڕەکانی. بەو جۆرە گورگەکەی کردە پاسەوانی مەڕەکانی ڕۆژێك شوانەکە چووەوە گوندەکەیان و مەڕەکانی لەناو لەوەڕگا بەجێ هێشت، گورگەکەش بە دیاریانەوە وەستابوو بێ ئەوەی جووڵەیەك بکات. لەو کاتەدا کە شوانەکە لەوێ نەبوو گورگەکە بە هەلی زانی پەلاماری مەڕەکانی دا و دەستی کرد بە خواردنیان، کە شوانەکە گەڕایەوە بە دەوروبەریدا ڕوانی کەچی نە شوێنی مەڕەکان و نە شوێنی گورگەکەی بەدی نەکرد، بێ هیوا بوو بۆیە لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە هەرگیز نابێ لە ژیاندا باوەڕ بە دوژمن بکەیت هەر چەندە وا پیشان بدەن نیازیان پاك و خاوێنە.


Sherwan

# شوێنی کەسانی زیرەك

پاشایەك بیستی شوانێك زۆر دانایە و فرە شت ئـەزانێت و هـەستی پێ دەکـات، بۆیە ویسـتی خۆی چاوی پێی بکەوێت و تاقیی بکاتەوە، بـۆ ئەمەش سێ پرسیاری بۆ ئامادە کـرد. پـاشا بەدوای شوانەکەیدا نارد. پرسیاری یەکەمی ئـاراستە کـرد و گـوتـی: چـەند دڵۆپە ئـاو لـە زەریادا هەیە؟ شوانەکە گوتی: ئەی پاشام دەبێ هەموو جـۆگە و رووبـارێك لـەسەر زەریـا بگەڕێنەوە و بۆ ئەوەی هیچ دڵۆپە ئاوێکی تری نـەڕژێتە ناو، بـەم جـۆرە دەتـوانی ژمـارەی دڵۆپە ئاوەکانی بزانی.

پاشا گوتی: ئەدی ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان چەندن؟

شوانەکە گوتی: ژمارەی مووی مەڕەکانی من چەندن ژمارەی ئەسـتـێرەکانیش ئەوەنـدەن.

هەر کاتێ ویستت بزانی دەبێ مووی مەڕەکان بژمێری.

پاشا گوتی: ئەدی ژمارەی چرکەکانی تەمەنی بوون و گەردوون چەندن؟


شوانەکە وەڵامی دایەوە لە پارچەزەوینی ئاسیا چیایەك هەیە بەرزییەکەی پتر لـە هەشت هەزار مـەتر دەبێت، هـەموو سـەد ساڵێك جارێك چۆلەکەیەکی بچـووك دێـت دەنووکـی لێ دەخشێنێ، ئـەو کـاتەی چـۆلەکەکە کۆتـایی هێنـا بە رووخـاندنی چیایەکە ئەوا یەك چرکە بەسەر تەمەنی بوون و گەردووندا بەسەر دەچێت!

پـاشا سەرنجی وردی وەڵامەکانی دا و گوتی: تۆ بەڕاست دانا و زیرەکی... بۆیە دەتـکەم بـە ڕاوێژکارێکی خۆم.



# زەنگی مەیموونەکان

دوو مەیموون لە دارستانێك زەنگێکیان دۆزیەوە لە دزێك کەوتبوو،
زەنگەکەیان هەڵگرت، بەهێزەوە دەستیان کرد بە راوەشاندنی، دەنگێکی پڕ مەترسی لێوە دەهات. خەڵکی گوند وایان زانی ئەوە دەنگی دێوە زلەکانە. هەستیان بە مەترسی و نیگەرانییەکی زۆر کرد، بۆیە بە پەلە لە ماڵەکانیاندا خۆیان شاردەوە نەوەك دێوەکان بێن و بیانگرن.
تەنیا ئافرەتێك لە ناویان ترس دای نەگرتبوو، بە ئاقڵی خۆی بیری کردەوە بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە بڕەوێنێتەوە، سەبەتەیەکی لەو میوە و سەوزە و مۆز و جۆرەها بەرووبوومە پڕ کرد و بەرەو دارستان ڕۆیشت. لەو شوێنەی دەنگە ترسناکەکەی لێوە دەهات سەبەتەکەی لەو ناوە لەسەر زەوی دانا و چوو خۆی لەپەنای دارێك شاردەوە، کاتێ مەیموونەکان بەوێدا هاتن چاویان بە سەبەتە پڕ لە میوەکە کەوت هەر بە پەلە پەلاماریان دا و زەنگەکەیان لێ کەوتە خوارەوە، خێرا خێرا دەستیان کرد بە خواردنی. ئافرەتە ئازاکە زەنگەکەی هەڵگرتەوە و گەڕایەوە گوندەکەیان، ئەنجا بە دڵنیاییەوە بە خەڵکی ڕاگەیاند کە ئەو دێوەکانی لە بەین بردووە.


Sh_m

# ناسینی دوژمن

گـورگێکـی بریندار خەریك بوو لـە برسـان بمرێت، سـەگ وایـان ڕاو نـابوو هیچ هێز و تـوانای لـەبەردا نەمابوو، چەند ڕۆژێك بەبێ خواردن و خواردنەوە مابووەوە. گورگەکە گـەیشتـە سـەر جۆگەیەك، تەماشای کرد بەرخێکی سپی و قەڵەو لەو بەرەوە گیا دەخوات، گورگ بـیری کـردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێم ئەوەیە تێرم بکات و چاکـم بکـاتـەوە.


گـورگەکە بـە دەنگێکی نزم و خۆشەوە بانگی بەرخەکەی کرد و پێی گوت: ئەی بەرخـی سپی بـچکۆڵە، بە یارمەتی خۆت بەڵکو تۆزێك ئاوم بۆ بهێنی، چونکە وەك خـۆت دەمـبینی مـن بریندار و نەخۆشم ناتوانم. بەرخەکە سەری هەڵبڕی و لـێی ورد بـووەوە.

گورگەکە هاتەوە قسە:


جا ئەگەر تۆ ئەم چاکەیەم لەگەڵ بکەیت چاك دەبمەوە و ئەوسا خۆم دەتوانم ئـاو بخۆمەوە.

بەرخە سپی وەڵامی دایەوە گوتی:


ئـەگـەر ئـاوت پـێ بـدەم دڵنیام من یەکەم ژەمی تۆ دەبم بۆ خواردن... بـۆیـە پێـت دەڵـێم خوات لەگەڵ. بەرخە سپی بە خێرایی ڕۆیشت و ئەو ناوەی بەجێ هێشت.



Sh-m


# کۆتایی



زنجیرە کتێبی
1
چیرۆکە نەمرەکان
بەرگدرووە بچووکەکە
وەرگێڕانی: ئەمیر حاجی داود



زنجیرە کتێبی
2
چیمەن کاوێس
ئەسپە باڵدارەکە
وێنەکێش: ئاریان سەرسام


زنجیرە کتێبی
3
و: ئەمیر حاجی داود
بەرگدرووی کۆشک
وێنە بەدەستکاری: عادل زرار


زنجیرە کتێبی
5
مەغدید ڕەواندزی
خۆشەویستیی نیشتمان
وێنەکێش: شێروان موحسین


زنجیرە کتێبی
4
ئیبراهیم ئەمین باڵدار
سەیران
وێنەکێش: شێروان موحسین


زنجیرە کتێبی
6
و: ئەمین گەردیلانی
یەکگرتن
وێنەکێش: شێروان موحسین


زنجیرە کتێبی
7
و: دلاوەر قەرەداغی
شێر و کوڕە بچکۆڵە
وێنەکێش: دلشاد عەلی